## ئەو قەڵەمەی نەمان ناسی ... سەرکێو

سەردەمێک ئازادیخوازبووی
چرایەکت هەڵکردبوو
لەگەل لاوان تۆهاوڕاز بووی
سەردەمێک ڕاستیت ئەنووسی
وەک پێشمەرگە
دارستانت بەخێوئەکرد
چیاکانت ڕائەمووسی
***
کەچی ئێستا
بوویتە هاوڕێی سیخوڕان و
لەجێی شاکارو شیعری جوان
داو ئەچنی بۆنیشتمان
لەبری نووسینی چامەی نان
بۆهەژاران
ژان ئەنووسی
***
بازی ڕاوبووی
بۆنەیارانی نیشتمان
پەڕوباڵی خۆتت سوتاند
کردتە بۆسۆ
ئێستاش بێهۆ
لەبری گوشینی دەستی خۆت
ناڕاستەوخۆ
کڕنووش بۆناکەسان ئەبەیت
دەستی گومان ڕائەمووسی
***
چۆنە هاوڕێ وابێپەروا
لەبری ئامێز لەبۆ ڕاستی
ئامێز بۆدرۆ ئەگریتەوە
لەبری شیعر بۆنیشتمان
جادوی درۆ ئەچنیتەوە
ڕاستی سەری لێت شۆڕماوە
پرسیار ئەکات بۆچی ئاوا؟
***
پێشینان ڕاستیان فەرموو
گەر ناکەسان بکەیت بە شا

ئەچێتەوە سەر ئەسڵی خۆی
ئەسڵی تۆش گیاکەڵە بوو
نەک شۆڕشوان
ئێمە هەڵە دڵوناخی تۆمان ناسی
***

2005/12/26

لەندەن